پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە لێدانی دەموچاو، ولە سمینی دەموچاو

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە لای گوێدرێژێکدا تێپەڕی کە دەموچاوی سمین* کرا بوو، فەرمووی: «نەفرەتی خودا لەو کەسەی کە سمینی کردووە». ولە گێڕانەوەکەی (مسلم)دا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە لێدانی دەموچاو، ولە سمینی دەموچاو». (*سمین: واتا کونکردنی دەموچاو بۆ دروستکردنی نیشانە وخاڵ وزۆرجار لە ڕێگەی داخ کردنەوە دەبێت

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیە نەهی کردن وهەڕەشەی توند هاتووە لەسەر ئەوانەی کە دەموچاوی ئاژەڵ سمین* دەکەن وهەروەها نەهی کراوە لە لێدانی دەموچاو، زانایان -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- ئەمانەیان بە تاوانی گەورە داناوە، وسەبارەت بە هۆکاری نەهی کردنەوە زانایان دەڵێن: دەموچاوە (ڕووی) ناسکە وناوەندی جوانیە لە مرۆڤدا، وئەندامەکانی ڕووی ناسکن وزۆرینەی درک کردن وهەستەکان بەم ئەندامانەن ولەوەیە بە سووکترین لێدان لە دەموچاو ئەم هەستانە نەمێنن ولەوەیە بە لێدانێکی سووک بشێوێندرێن وناشیرین ببن ئەمەش بە درێژایی تەمەنی مرۆڤەکە دەمێنێتەوە وناتوانێت دایبپۆشێت وەکو شوێنەکانی تری لاشە وهەرکاتێک دەموچاو لێی بدرێت دوور نابێت لە شێواندن وتێکچوون، وهەروەها مسوڵمان نەهی لێکراوە لە ئازاردانی ئاژەڵە بێ زیانەکان وبە تایبەتیش ئەگەر ئازاردانەکە بریتی بێت لە سمین وداخکردنی دەموچاوی ئاژەڵ کە زۆر ئازاردەرە وئەمیش زۆر جار وەکو نیشانە یان بۆ گاڵتە ئەنجامدەدرێت بۆ یاریکردن بە ئاژەڵەکان. *(سمین: واتا کونکردنی دەموچاو بۆ دروستکردنی نیشانە وخاڵ وزۆرجار لە ڕێگەی داخ کردنەوە دەبێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8893